# ئەڵمانیا هەرشەرمەزاری هۆلۆکست نیە،
# قەرزاری جینۆسایدی کوردیشە.

عومەرمحەمەد

پەلامارەکانی ئەنفال‌و سیستمی تۆتالیتاریانەی رژێمی بەعس، لەهەمان ئەوسیستمە تۆتالیتاریانەی رژیمی نازی هیتلەرەوە سەرچاوەیان گرتووە، وێنەی جینۆسایدی کوردو جولەکە لەزۆر لایەنەوە چوون یەکن، ئەگەر جیاوازیەك لەنێوان هۆلۆکۆست‌و ئەنفالدا هەبێت، ژمارەی قوربانیان‌و شێوازی قەربوکردنەوەیەتی‌لەلایەن ئەلمانیاوە، ئەگەرچی یەکەمیان نابێتە جیاوازی لەبەرئەوەی لەتاوانی جینۆسایدکردندا ژمارەی قوربانیەکان نابنە مەسەلەیەکی یاسایی‌و کۆسپێك ناخەنە بەردەمی دادگا بۆیەکلایی کردنەوەی تاوانی جینۆساید، بەڵام لەدووەمدا جولەکەکان توانیان قەربوو لەحکومەتی ئەڵمانیای دوای سیستمە سیاسیەکەی هیتلەر وەربگرن‌و هەتا ئەمرۆش پابەندە پێیەوە، چونکە ئەڵمانیا خۆی بەشەرمەزاری یەهودیەکان دەزانێ، وەلی قەرەبووی کورد نەك هەرلەلایەن دەوڵەتی عێراقەوە تەنانەت لەلایەن کوردیشەوە پتر وەکو خەونێك وایە تاحەقیقەت!! لەکاتێکدا تەنها دەولەتی عێراق نیە کەدەبێت قەرەبووی گەلی کورد بکاتەوە، بەڵکو ئەڵمانیاو زۆر وڵاتی تریش قەرزاری کوردن‌و ئەگەر بەهایەك بۆ مافی مرۆڤو مرۆڤ بوون بگەرێتەوە، ئەوا دەبێت زۆر لایەن بەوئەرکە ئەخلاقییەی سەرشانیان هەستن، بێگومان لەپێش هەموو وڵاتانەوە حکومەت‌و کۆمپانیا ئەهلی‌و دەوڵەتیەکانی ئەلمانیا.. ئەمەش دیسانەوە یەکێکە لەوخاڵە هاوبەشانەی لەنیوان جینۆسایدی هۆلۆکۆست‌و جینۆسایدکردنی گەلی کورددا هەیە.

نازیەکان بۆکوشتنی جولەکەکان گەلێك رێگەی نامرۆڤانەیان گرتەبەر بەهەمان شێوازی بەعسیەکان، کەلەئەنفالدا پیادەیانکرد، یەکێك لەوشێوازانە کوشتنیان بوو بەگازی کیمیاوی، هەروەکو بەعسیش هەمان ئەو رێگەیەی بەکارهێنا، ئامانج لەبەکارهێنانی گازی کیمیاوی بۆ کۆمەڵکوژی ئەوەبوو، بەخەرجیەکی کەم زۆرترین کەس لەگروپی دیاریکراو "کوردو جولەکە" پاکتاوبکرێن، ئەوەی نازیەکان‌و بەعسیەکان پیادەیان کرد، هەر دژایەتیکردنێکی ئاشکرای کوردو جولەکە نەبوو بەڵکو بەکەم گرتنی بەهای مرۆڤ بوو، لەبەرئەوەی ئەومرۆڤانەی دەبوونە ئامانجی کوشتن لەلای ئەوان هیچ بەهایەکیان نەبوو، ژیانی ئەومرۆڤانە مەسەلەیەك نەبوو، بەڵکو ئەوەی دەبووەمایەی بیرکردنەوەی پیاوانی ئەم دووسیستمە سیاسیە چۆنێتی کۆمەڵکوژکردن‌وپاکتاوکردنیان بوو.

ئاوشڤیتس یەکێك بوو لەو جێگایانەی جولەکەکانی تێدا کۆمەڵکوژ کراو وێنەی تاوانی هۆلۆکۆستی جولەکەکانی تێدا چەسپا، نازیەکان بەهەزاران‌و بگرە بەملیون تاکی جولەکەیان بەگازی کیمیاوی تێدا کۆمەڵکوژکرد، ئیدی لە ئاوشڤیتس گوێنەدەدرایە رەگەزو تەمەن، گرنگ ئەوەبوو یەهودی بن، شێوازی کوشتنی ئەم یەهودیانە بەم شێوەیە بوو:

قوربانیەکان دەبوایە جل‌وبەرگەکانیان دابکەنن‌و خۆیان روتبکردایەتەوە، بەو بیانووەی دەیانبەن بۆحەمام‌و خۆشۆردن، دوای ئەوەی هەموویانیان دەکردە حەمامە گشتیەکانەوە، لەکونی سەرخانەکانیانەوە ژەهریان بۆدەکردنە ژوورەوە، تا دادەبەزییە ناوهۆڵی حەمامەکەوە، مەبەستی نازیەکان ئەوەبوو بەنرخێکی هەرزان بەهای بەرزی مرۆڤ بسرنەوەو زۆرترین ژمارەی جولەکەکان بکوژن، لەئەنفالیشدا هەمان ئەم رەفتارە نامرۆڤانەیە پیادەدکرا لە تۆپزاوا کوردەکان پۆلین دەکران‌و جل‌وبەرگەکانیان لەبەر دادەکەندن‌و بە کۆمەڵ دەبرانە ناو ئەو گۆرانەوە کە پێشوەخت بە شۆفڵ بۆیان ئامادەکرابوو، ئیدی هەندێکیان هەر بەزیندوویی لەچاڵەکاندا بە شۆفڵ گلیان دەکرایە سەرو زیندە بەچاڵ دەکران، یان یەکی تاقە یەك گوللەیان بەناوچاوەنەوە دەنراو گیانیان لێ زەوت دەکرا. یان لە هەندێك شوێنیشدا تاقیکردنەوەی گازی کیمیاویان لەسەرکراوە، وەکو ئەو ئەفسەرەی دانیشتووی شاری جەلەولا دەگێرێتەوە کە نزیکەی 1000 کورد لە نزیك جەلەولاو خانەقی لەدەمەو عەصرێکی درەنگدا لەدۆڵێکدا تاقیکردنەوەی گازی کیمیاویان لەسەرکراوەو لەماوەیەکی زۆرکورتدا بەکۆمەڵ ژیانیان لێسەندراوەتەوە.[1]

[1] ئەو ئەفسەرە بە نیازی چاوپێکەوتن بوو لەگەڵ گۆڤاری هەشتاوهەشت، بەڵام کەباری ئاسایشی ئەو ناوەچەیە شیوا ئەویش خۆی لە چاوپێکەوتنەکە دزییەوە. بەڵام لەدوای پرۆسەی ئازادیەوە چەند گۆرێك لەناوچەی خانەقی دۆزرانەوە پێدەچێت ئەو قوربانیانە بن

ئەگەر پێش 40 ساڵ ئەڵمانیا لەسەردەستی حزبی نازی ئەمە رەفتاری بووبێ لە "ئاشفیتس" لەدژی جولەکەکان ئەوا لە ناوەراستی هەشتاکانیش بەملاوە ئەو شەرمەزاریە نەبووە پەندێكو ئەلمانیا سودی لێوەرنەگرت، بەڵکو کۆمپانیاکانی بوونە هۆی ئەوەی دەستگیرۆیی دکتاتۆرێکی تربکەنو لەپێناوی قازانجی خۆیاندا هیتلەرێکی تریان لەعێراق بەرهەمهێنایەوە، چاویان لە مرۆڤبوونی خۆیان پۆشیو قازانجی مادییان خستە پێش بەهای مرۆڤایەتیەوە، ئەم باسەی ئێستا تەنها پابەندە بەئەلمانیاوە دەنا ئەوە روونە کەتاکە دەوڵەت نەبووە کەمادەی کیمیاوی بەعێراق فرۆشتبێتبێو کارگەکانی بۆ دامەزراندبێ، بەڵام بەشداریکردنی کۆمپانیا ئەڵمانیەکانو هاوکاری کردنی رژێمی صدام لەتاوانی جینۆسایدکردنی گەلی کورد لەدوای تاوانی هۆلۆکۆست، مەسەلەیەکی ئاسایی نیە، چونکە ئەلمانیا هەرشەرمەزاری هۆلۆکۆستی بەتەوێڵەوەیە، کەچی بەهۆی قازانجی کۆمپانیاکانیەوە بەشی شێر لە هاوکاریکردنی جینۆسایدی کوردیش دەبات، هەرهیچ نەبێت لەبەرئەوەی لەبەرانبەر تاوانی هۆلۆکۆست بەرپرسیاری گەورەی کەوتبووە ئەستۆ نەدەبوایە جارێکی تر بەشداری لە جینۆسایدکردنەوەی هیچ گروپێکی تری مرۆڤایەتی بکردایە.

ئەگەرچی ئەڵمانیەکان قەرەبووی هۆلۆکۆستیان گرتە ئەستۆی خۆیانو هەتا ئیستاش پێوەی پابەندن، بەڵام ئەگەر مەسەلەکە هاتە سەر تەصفیەی حساب ئەوا بەشی شێر لەتاوانی جینۆسایدیشی دەکەوێتە ئەستۆ دەبێت قەربووی کوردیش بداتەوە.

بێگومان ئەوەش بۆگەلی ئەلمانیو دەوڵەتەکەی بە پۆزەتیف دێتە حساب کە قەرەبووی جولەکەکانی گرتووەتە ئەستۆ، ئەمرۆش گەلی کورد پێویستی بەهاوکاری کۆمەلگەی نیودەولەتیەو پێویستی بەوەیە گەلانی دنیا بەتایبەتی هەموو ئەو وڵاتانەی واژۆی رێکەتنامەی ساڵی 1948ی نەتەوە یەکگرتووەکانیان کردووە بۆ دژایەتیو قەدەغەکردنی تاوانی جینۆساید، ئەلمانیا دەتوانێ لە نەتەوەیەکگرتووەکان لەبەرانبەر ئەم تاوانەی کۆمپانیاکانی وڵاتەکەی رۆلی گرنگ بگێرێ بۆ دۆزی کورد، بۆئەوەی گەلی کورد وەکو هەر نەتەوەیەکی جینۆسایدکراو حەصانەی نیودەولەتی وەرگرێو جارێکی تر لەتاوانی جینۆساید نەترسێو نەتەوەیەکگرتووەکان چاودیری هەر دەستدرێژیەك بکات بۆسەر گەلی کورد، چونکە دەوڵەتە ئیقلیمیەکانی دەوروبەری کوردستان نیازەکانیان رونو ئاشکرانو پێشتریش چەندین رێکەوتنامەیان لەدژی هەرکیانێکی کوردیو پاکتاوی رەگەزی ئەم گەلە لەگەڵ یەکتری مۆرکردووە.

بۆئەوەی کورد بچیتە سەرسکەی خەباتێکی تەندروست باشتروایە چبدی هەرچاوی لەدەستی خەڵکی نەشارەزاو هاتوهاوارو خەباتی حزبە سیاسیەکانیەوە نەبێ، بەڵکو لە ئەوروپا لۆبیو رێکخراوەی شایستە بەپرسی جینۆساید دروستبکات، بەو پێیەی لەو وڵاتە خۆرئاواییەکان دادگا سەربەخۆیە، دەرفەتی ئەوە هەیە هەموو ئەو کۆمپانیاو کەسایەتیانە بدەنە دادگاو داوای سزا دانو قەرەبوویان لێبکەنەوە بۆ گەلی کورد، لەپێش هەموویانەوە وڵاتی ئەلمانیاو کۆمپانیاکانی، چونکە دلنیام لەوەها هەنگاویکدا رێکخراوو سیاسەتمەداری غەیرە کوردیش دێنە پێشەوەو وای بۆدەچم کارەکە بێسەمەر نەمێنێتەوە، تاکو بتوانین بەلای کەمەوە چەند مەرجو داواکارییەك بەسەر ئەو وڵاتانەدا بسەپێنین لە رێگەی دادگاوە بۆئەوەی لەبەرایدا ئەم دەستکەوتانە بەدەست بهێنین:

1. سزادانی هەموو هاوکاروبەشدارەکانی تاوانی جینۆساید بەکارگەو کۆمپانیا ئەهلیو دەولەتیەکانیشەوە بۆئەوەی بەلای کەمەوە قەرەبووی ئەوکەسو خێزانانە بگرنە ئەستۆی خۆیان کە بەهۆی وەها تاوانێکەوە لەپێش هەموویانەوە قوربانیانی چەکی کیمیاوی شاری هەلەبجەو ئەو نەخۆشانەی بەهۆی پەلامارەکانی ئەنفالەوە بونە قوربانیو بێکەسو بێسەرپەنا ماونەتەوە.
2. بەشداری بکەن لە ئاوەدانکردنەوەی کوردستانو بوژاندنەوەی ژێرخانی ئابوریو کەم کردنەوەی ئاستی بیکاریو دابین کردنی بیمە بیکاری لە کوردستان بۆ ئەو کەسانەی کاریان دەست ناکەوێ یان تواناى کارکردنیان نەماوە.
3. بەشداریکردنی راستەوخۆی ئەو دەولەتانە لە ئاوەدانکردنەوەی کوردستانو پاککردنەوەی ژینگەی کوردستان کەبەهۆی گازی کیمیاوی پیسبوون، یان تاکو ئیستا لەبەر ئاسەوارەکانی تەقەمەنی وەکو لوغمو بۆمبی ترسناك وەکو ناوچەی قەدەغەکراویان لێهاتووە.
4. جارێکی تر نەك هەر دنەدەرویارمەتی دەولەتی عێراقو رژیمە داگیرکەرەکانی تری کوردستان نەبن بەڵکو یاساو ریسای دەولەتەکانیان بخەنە ژێر گوشارەوە بۆئەوەی هەرهەولێکی یان هەر نیازێکی تری جینۆسایدی ئەو دەولەتانە لەباربەرن کە

---

[2] مەبەست لەو ناوچەیەیە کە جولەکەکانیان بەنیازی حەمام کردنەوە تیادا کۆمەڵکوژدەکرد بەهۆی ژەهربارانکردنیانەوە.

[3] کلاودیو رۆدی کاتێك هاتووتە کوردستان لە گۆڤاری لڤین چاوپێکەوتنێك دەکاو شەرمەزاری خۆی لە ئاستی ئەو تاوانە نەشاردەوەو ئامادەیی دەربری بەوەی ئەو کۆمپانیایانەبداتەدادگا.

خۆیان بۆ پاکتاوکردنی گەلی کورد لە بۆسەناوەو چاوەروانی هەلی رەخساو دەکەن. بۆئەوەی کۆمەلگەی نیودەولەتی بێتە سەر ئەو بروایەی بەجدی رێز لە واژۆی ئیمزاکانیان بگرنو پەیمانامەکانیان لە مەرەکەبی سەرکاغەزەوە بکەنە مەسەلەیەکی پراکتیکیو رێگربن لە دوبارە بوونەوەی هۆلۆکۆستو ئەنفال لە دژی کوردو جولەکەکان، ئەمەش وەك مەسەلەیەکی ئەخلاقی پێویستە هەموو لایەك پێوەی پابەندبین کەبەهای مرۆڤ لە سەرمایەو پارە بەنرخترە

5. کۆتایی

رەنگە هەبن ئەم ئەرکەو داواکاریەکان بەخەیاڵ بزانن، بەڵام ئەمە خەیاڵ نیە، بەڵکو ئەو لۆژیکەیە کە دەڵێت: دورترین رێگە بەهەنگاوێك دەست پێدەکات، لەراستیدا هەنگاوی یەکەم نراوەو بەردەوامی دەوێت، دادگایکردنی فرانس ڤان ئانراتی هۆڵندیش تا دادگا بریاری لەبارەیەوە نەدا نەك هەر خەڵکی سادەو ساکاری کوردستان بەڵکو سیاسەتمەدارە کوردە کانیش لە ئاستی زۆر بەرزدا بەخەیاڵو بەگرە بەکاری منداڵانەشیان دەزانی. کەچی هەرئەوەندەی دادگا خەونەکەی کردن بە واقع دەیان پارێزەرو سیاسەتمەداری نەشارەزا لە تاوانە نیودەولەتیەکان هاتنو قسەیان لەبارەوەکردوو زۆرکەسیش کەوتنە نانو پیاز پێوە خواردنی، لەکاتێکدا ئێستا دەیانو بگرە سەدان فرانس ڤان ئانراتی تر بە خوین ساردیەوە تەماشای خەرمانی قوربانیەکانمان دەکەنو ئێمەش بێخەمین لەئاستیاندا، لەولاشەوە خەڵکانی وەکو یوست هێلتەرمانو فرالینکە گیرد هاردو پرۆفیسۆر هاندرێکس خەریکی تاووتوێ کردنی دۆسێی ئەو تاوانە نیودەوڵەتیەن کە دژ بە کورد ئەنجامدراوە، سەرۆکی پارتی سەوزی ئەلمانی ( کلاودیو رۆدی) خۆی بەشەرمەزار دەزانی لەبەرانبەر ئەو تاوانەو ئامادەیە دادگا لەو کۆمپانیانە بگرێت ، لەوەش گرنگتر ئەوەیە کەوا ئەلمانیا لە جەنگی کەنداودا قەرەبووی ئیسرائیلی گرتە ئەستۆ لەبەرانبەر ئەو ساروخانەی حکومەتی عێراق ئاراستەی ئیسرائیلی کردبوو، راستە ئیمە لە ئێستادا قەوارەیەکی سیاسی تۆکمەمان نیەو ناتوانین ببینە فشار بەسەر ئەندامانی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتووەکانەوە، بەڵام دەتوانین بەپێر داواکەی رێکخراوی هیومان رایت وۆچەوە بچینو لەرێگەی دادگای عەدلی نیودەولەتیەوە بەتایبەتی لەخۆر ئاوا بەهەماهەنگی لەگەڵ رێکخراوە ناحکومیەکانی تری ئەو وڵاتانەدا بەردەرگای دادگا لەو کۆمپانیایانەو تەنانەت لەو سیاسەتمەدارانەش بگرین کەکاتی خۆی ئاگاداری ساتو سەودای کۆمپانیاکان بوونو بەرئەنجامەکەشیان لەشاری هەلەبجەبینیو هەتا ئەمرۆش چاوپۆشیان لێکردووە، لەکاتیکدا بەپێی یاسای نیونەتەوەیی ئاگاداربوونو بێدەنگی کردن لەتاوانی جینۆساید بە بەشدار لەو تاوانە سزا دەیگرێتەوە.